# کورد و بەغدا

هاوڕێ باخەوان

عەرەب بە بەغدا دەڵێت (دار السلام) واتە خانەی ئاشتی!.

لەم شارەوە و لەم خانەیەوە، عەرەب گەلانێکی زۆری لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتە عەرەبییە ئیسلامییەکاندا بەڕێوەبردووە و کۆلۆنیی کردوون.

دەشێت ئەم بەغدایە بۆ عەرەب خانەی ئاشتی بێت، یان بۆ هەر گەلێکی تر. بەڵام ئەم دارولسەلامە بۆ کورد بەدرێژایی مێژوو هەر دارولشەڕ بووە، واتە خانەی شەڕ.

لەم دارولشەڕەوە حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی داگیرکەری باشووری کوردستان بڕیاری ئەنفالکردنی کوردیان دەرکردووە. . .

لەم دارولشەڕەوە کوردستانیان عەرەباندووە. . .

لەم دارولشەڕەوە کوردیان ڕاگواستووە و هەڵەبجەیان کیمیابارانکردووە. .

لەم دارولشەڕەوە کەرامەتی نەتەوەیی کوردیان ڕووشاندووە و هەزاران پلانیان لەدژ گێڕاوە. . .

لەم دارولشەڕەوە ئەوەی ئاشتی پێی ناخۆش بێت و شەڕ پێی شاگەشکە بووبێت بە کورد کراوە. . .

هەندێك جار شۆڤێنییە عەرەبەکان بە بەغداش دەڵێن پایتەختی ڕەشید. ئەمەیان پێم وابێت لەجێی خۆیایەتی، چونکە پاش ماوەیەك هەمان ئەو شۆڤێنییانە بە بەغدا دەڵێن پایتەختی عودەی، چونکە هیچ جیاوازییەك لە نێوان هارون و عودەیدا نییە. ئەویان محاجەرەی پلیکانەکانی سنگی ئافرەتی چواردەساڵ بوو و شەو تا بەیانی خەریکی فەسادی بوو، ئەمیشیان هەموو کۆشکەکەی کردبووە سۆزانیخانە و تێرکردنی ئارەزووە پیس و نەخۆشییە دەروونییەکانی.

بەغدا ئەو شارە بووە کە هەردەم سەرکووتکەری کورد بووە، ئەو شارە بووە کە هەردەم کورد ڕوویتێکردووە بۆ تکاکردن.

بەغدا ئەمڕۆ ئەو پایتەختی هارون و عودەیەی جاران نەماوە و ڕابەرانی کورد بۆ دروستکردنی "حکومەتێکی دیموکراتیی فیدراڵی" ڕوویانتێکردووە.

ڕابەرانی کورد و ڕامیاریی نێودەوڵەتی گەر نەتوانن ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بەبارێکی تردا بگۆڕن و ئەنفال و گازی کیمیاوی و تەعریب و ڕاگواستن بۆ هەتاهەتا لەو شارەوە بۆسەر کورد ڕابگرن، ئەوا بەغدا لای من هەر دارولشەڕە و هەر پایتەختەکەی هارون و عودەیە.

ڕابەرانی کورد زۆرجاران ڕوویان لە بەغدا کردووە و دەستی دەستییان پێکراوە و بە دڵشکاوی گەڕاونەتەوە بۆ چیاکانی کوردستان. بەربۆیە تکام بۆ ئەو ڕابەرە بەڕێزانە ئەوەیە کە ئەمجارە دوا هەلی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئەوانیش و بۆ ئێمەش لە کیس نەدەن، لەبەرئەوە تکایە ئەم هەلە مەکەنە قوربانی برایەتیی ساختە، ئەو برایەتییەی کە تەنها لەلای گەلێکی بندەست و بەشبەشی وەك کورد باوی ماوە و کاری پێدەکرێت.

پێویستە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەکوردیکردنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان و ڕوونەدانی هەرەس و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاوییەوە سەرچاوە بگرێت. . .

06-05-2003

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.